کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:24 11-6-2007

## نهێنی لەیادکردنەوەی بنکەی گەلاوێژ لە ڕۆژی 2007/6/9 دا... ڕێبین مەلا مەحمود

ئەوەی لەنزیکەوە بنکەی گەلاوێژ بناسی دەزانێت لە ڕۆژی 1997/5/31دروست بووە نەك 1996/6/9هەروەك ئەم بنکەیە تا هە نوکە ئەدرێسی هەڵنەواسیوەو بەرێز مەلابەختیار بەرپرسی سەرکیەتی و لە سازدانی کۆڕ و ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی ساڵانە وەك نەرتێك زیاتر هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە.

ئەوەی مایەی سەرسورمان بوو ئەمساڵ ئەم بنکەیە وادەی مێژوویی دروستبونیان گۆری بۆ 6/9دیارە ئەم رۆژە لەسلێمانی بەرەشبگیری ومەنعلتەجەول ناسراوە وئەورۆژەیە کەخەڵکی شەرەفی سلێمانی ئامادەبوون مدرن هەڵبژێرن بەسەربەرزی بەلام سوکایەتی بەبارزانی سەرکردەی کوردەوەناکەن..

هەرلەم رۆژەدا ساڵی 2004 بزافی رۆشنبیری سلێمانی دروست بووە جا بزاف لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری ئیدارە هەولێر لەسەردەمی دووئیدارەییدا پشتیوانی لێکراوە بەڵام وەك گەلاوێژ رەنگرێژوبارگاوی نەبووە بەکاری حزبی وهەنگاوەکانی پتر پشت ئەستور بووە بە کایەی مەعریفی وئاراستەی نەتەوەیی، بزاف لەرۆژی دروستبونی دا ولەساڵیادی ئەمساڵیشیدا وەك ئەوەی لەرۆژنامەی رەند دا ئاماژەی پێکراوە بۆئەوە ئەو رۆژەی هەڵبژاردووە بۆ بانگەشەی دروست بوونی تا یادەوەریەتاڵەکانی رابردوو بەداهێنان قەرەبوو بکاتەوە لی گەلاوێژ وکاك مەلابەختیار ئەمساڵ ئەم رۆژەشیان قۆرخکرد بۆ خۆیان تا لەوگۆشە بەرتەسکەوە دژایەتی بزافی رۆشنبیری پێبکەن!!

مەلابەختیار دەمێکە لە بزاف داخ لەدڵە بەتایبەتی هەرلەورۆژەوە کە لەکۆبونەوەکەی قەڵاچوالاندا بەحزوری سەرۆکی هەرێمی کوردستان رەخنەی گورچك بریان لە کاك بەختیار گرت ولەناو کۆرەکەدا شەرمەزاریان کرد جگەلەوەش ئەو نوسەربەهەڵ، ێستانەی دەرباری نەبوون ولەرۆژانی شوومدا کاك مەلا بەختیار هەرەشەی کوشتن وراکێشانی بەدوای ترکتۆردا لێدەکرن ئەمرۆ لەنزیکەوە هاوکاری بزاف دەکەن وهامۆشیان گەرمە لەگەڵی دا..

مەلابەختیاری بەرپرسی بەرێوەبەروخاوەن ئیمتیاز لای وایە ئەم رێگا بەرتەسکە دەیباتەوە بەرەوهەژموونی تاکرەوی ولەخۆی بترازی کەس نابێنێتەوە لەسلێمانی خاوەنی چالاکی پر لەداهێنان بێت..

ئەودەمەی بزافی رۆشنبیری سلێمانی توانی چاپخانەیەك دەستەبەربکات وبەوتوانایەی کەلەبەردەستی دایە پرۆژەی چاپەمەنیەکانی لەماوەی ساڵێکدا بگەیەنێتە 23زنجیرەو گۆڤاری زانستی زاموانێت ورۆژنامەی رەندی هەبێت ولەرەمەزانیشدا زنجیرەی وۆرزێکی نوی بکاتە شەوچەرەی دوای بەربانگ ئیدی دەمارەکانی کرژ دەبن ولەدوا پیلانی دا مەبەستێتی کۆری یادیان گەرم بکات سەرمەست بە کوشتنی بیرەوەری بزافی رۆشنبیری سلێمانی.. بەڵام سەرەنجام پرۆژەوچالاکی وجێ:ەوتەی مەعریفیی ئەم مەکۆ رۆشنگەریەی سلێمانی ئەوە دەسەلمێنی کی خاوەنی سەنگ وقورسایە لەنێو، رۆشنبیراندا بزافی رۆشنبیری یان گەلاوێژی نێوەندی سیخوری کاك بەختیاروحزبەکەی؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.